# ئەگەر لە پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپادا کورد فێری دیموکراسی نەبێت ئەی کە لەکوێ فێردەبێت؟

کارزان عەلی

27-11-2004

زۆرجار باس لەدیموکراسی و ئازادی رادەربرین دەکرێت لەلایەن دەزگاراگەیاندنە کورێدکانەوە کە کوردستان ئێستا بۆتە مەڵبەندی دیموکراسی بگرە لە ئەوروپای لانەنکەی دیموکراسی زیاتر ئەوان دیموکراسیترن!

بەبروای من کورد نە مانای ووشەی دیموکراسی دەزانێت و نەفێری دیموکراسیش دەبێت هەتاماوە. بەڵگەشم بۆ ئەو قسەیەم ئەوەیە زۆر لە بەرپرس و لێپرسراوانی پارەتەکانی کوردستان کاتی خۆی خوێندنیان لە ئەوروپای رۆژئاوا یا رۆژهەلات تەواوکردوە و ئێستا بەرپرسن لەکوردستاندا و بگرە تەنانەت مانای ووشەی دیموکراسیش فێرنەبوون! ئەوە ماوەی چارەکە سەدەیکە ئەو بەرێزانە بەردەوام ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتین لە حزبەکانی کوردستاندا بەبێ ئەوەی رێگا بە کەسێکی کە بدەن ببێتە ئەنامێکی پایەبەرز لەحیزبدا. یاکەس دەتوانێت رەخنەیان لێبگرێت؟ ئەوەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە ئەو بەرێزانەی کە لە ئەوروپاش خوێندیان تەواوکردوە یا ژیاون نەفێری دیموکراسی بوون ونە مانای دیموکراسی دەزانن چیە! ئەی کەسێکی نەخوێندەوار و هەژاری کورد کە ئەو بەرێزانە سەرکردایەتی دەکەن چۆن فێری مانای دیموکراسی دەبێ ؟ ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە سەردەمی جیهانگیروی عەولەمە و پێشکەوتنە کوردەکانی نیشتەجێی ئەوروپاش فێری دیموکراسی نەبووین و بەعقلێتی کۆن بیر دەکەینەوە . نوێنەرانی حیزبە کوردێکان کە خۆیان بەپێشنگ دەزانن لەهەمووبوارێکدا ئەوانیش لە ئەوروپا وادەزانن ئێستا لە گوندێکی دورەدەستی کوردستاندان و ساڵەکانی حەفتاکانە و هەر بەو شێوەیەش بیر دەکەنەوە. لە ئەوروپاش نوێنەرانی پارەتەکوردێکان ئامادەنین رێز لە بۆ چوون و رەئی کەس بگرن وبگرە کەسانی زۆر توند رەون و زۆر بیر تەسکن.

بۆ یەدەڵێم ئێمەی کورد لە ئەوروپای شارستانی و دیموکراسیدا فێری دیموکراسی و رێزگرتن نەبین ئەی باشە لە کوێ فێردەبین؟ ئێمەی کوردانی دانیشتوی ئەوروپا ئەمە حاڵمان بێت ئەی قور بەسەر دانیشتوانی کوردستان کە ئەو داماوانە لەکوێوە فێری دیموکراسی دەبەن؟